# هیوابڕینی خەڵک لەنانبڕینیان خراپترە!

## دکتۆر کەمال میراودەلی

نامەی دووەم بۆ کاک نەوشیروان .

سەرنجێک :

لە رۆژاوا بۆ هەر حکومەتێکی تازە و هێزیکی تازە ماوەی سەد رۆژی یەکەمی دەسەلاتیان بە پێوانەی راستگۆیی و دڵسۆزیی ولێهاتوویی و بەکاریی ئەو دەسەلاتە دادەندرێ و رۆژنامەکان و چاودیران و خەلک بە گشتی بە وردی چاودێری سیاسەت و بەرنامە و هەلسوکەوت و دەسکەوتی ئەو دەسەلاتە لە ماوەی ئەو سەد رۆژەدا دەکەن و حوکمی ئێستا وپێشبینی ئایندەیی بەسەردا دەدەن . وەک هیزێکی ئۆپۆزیسیۆنی نوێیَ پڕ تەوژم و تەمای جەماوەر ، سەد رۆژی یەکەمیش بۆ تێگەیشتنی ئاقارو ئاکاری گۆڕان گرنگ بوو . بەلام بە داخەوە لای ئێمە کات وەستاوە ، بە سەد رۆژو هەزار رۆژ ناپێورێت . کات لە دەرەوەدا نییە ، لە بزاڤی خەلک و کۆمەلدا نییە ، لە بەرنامەو بەجێگەیاندندا نییە . لە گۆرانەکانی دنیادا نییە ، لە پەرلەمان ودیباتدا نییە ، کات لە مێشکی سەرۆکی تاقانە و تاکەپالەوان دایە ، کە ئەو خەوت کات خەتووە ، کە ئەو نەخۆش بێ کات نەخۆشە ، گەر تووڕەو عاجزبێت کات سەرلێشێواوو ئاڵۆزە . خەلکەکانی دەرەوەش تارماییەکی بی گیانن بەدەوری کاتی پالەواندا بێ هوودە دوعا دەکەن و دەخولێنەوە .

لە نامەکەی پێشوودا ، کە گۆڕان دروست نەبوو بوو ، پێشبینی نەدەکرا جۆن دەبێت ، رستەیەکی سەرنجراکیشی تێدایە : [ دیارە گۆڕان قورسە بەڵام تەنیا سەرەتایەکی سەرکەوتوو – و هیوابەخش دەتوانێ تەوژمی بداتێ .] گەران بەدوای سەرەتایەکدا کە

11. سەرکەوتوو بێت

11. هیوا بەخش بێت
11. لەم دووانەوە حەتمەن تەوژم دروست بکات .

تەوژم  لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەوترێ [ مۆمێنتەم ] . مۆمینتەم بریتییە لە توانای جوولانەوەی شتێک بە پێی قەبارەکەی . شت ، نەبزێوە تا لە دەرەوە هێزیک کاری تینەکات و نەیجوڵێنێت ، بەلام کە پالنەرێکی بزواندنی گەورە هەبوو ، ئەو شتە [ تەوژم ] پەیدا دەکات ، واتە بە رێژەی هێزەکە جوولان دروست دەکات . بەلام بۆ ئەوەی مۆمینتمەکە بەردەوام بێت ، دەبێت هێزی جوولاندنەکە بەردەوام بێت . کە هێزی جوولاندنەکە نەما ، قەبارەکە هەرجەند ئەستووریش بێت ، دەوەستێ و دەسەکنێتەوە . تەوژمی گۆڕان ئەو دوو شتە بوون : پاراستنی سەرکەوتنی سەرەتایی  و هیوای خەلک بە بزوتنەوەکە . بەردەوامی ئەم دووانە جەوهەریی بوو بۆ بەردەوامیی و بەهێزکردنی تەوژمەکە .

 بۆ بەردەوامی ئەو دووانەش بە ئاقاری سەرەتایی دروستی خۆی ، میکانیزمی هەرەگرنگ بۆ بزوتنەوەیەکی نوێخوازو گۆرانخواز رەخنەیە ، کە بزوتنەوەکە ئامادە نەبوو ، بە پێچەوانەی خۆناساندنە سەرەتاییەکەی خۆی ، رەخنە قبوڵ بکات ، مادام وایە ئەو هیزەی کوشت ، کە هیوا و زامنی بەردەوامی سەرکەوتنەکان ، بە بزوتنەوەکە دەدەن واتە تەوژمەکەی هەم لە وەستان هەم لە لادان دەپارێزن .

ئەم نامەیە دوای تێپەربوونی ١٠٠ رۆژ بەسەر دەرکەوتن و سەرکەوتنی تەوژمداریی گۆڕاندا نووسراوە .

کورد دەڵێ : دۆست ئەوەیە دەتگریەنێت ، دوژمن پێت پێدەکەنێت .  ئەو رەخنانە کە لە دەرەوە نەنووسراون و لە پشتەوە نە درکێندراون و راستەوخۆ بۆ رێکخەری بزوتنەوەکە نێردراون ، لە خۆشەویستیی و پەرۆشیکی ویژدانی قوولەوە هاتوون : پەرۆشی ئەوەی تەوژمەکە نەکەینە گۆماویکی  وەستاوی بی کات و بی دەسکەوت و خەڵک بێهیوا نەکەین .

نامەکەم وەک خۆی داناوە ، بەلام لە بەر ئەوەی درێژە ، سەردێرم بۆ باسەکان داناوە تا ئاسانتر ناوەرۆکەکەی بزانرێت بەلام هیوادارم بە وردیی و تەواویی بیخوێننەوە . وێنەیەکی ئەم نامەیەم هەر زوو بۆ کاک کەمال رەئوف سەرنووسەری هاولاتی نارد ، چەندجار داوام لێکرد بە داخەوە بلاوی نەکردەوە . دوایی لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا زۆربەی لە گۆڤاری شەن – دا بلاوکرایەوە .

---

نامەی دووەم بۆ کاک نەوشیروان

لەندەن ، ١٠/١٢/ ٢٠٠٩

برای بەرێز کاک نەوشیروان

سلاو و رێزی زۆرم بۆ بەرێزتان هەیە . هیوادارم هەمیشە بەختەوەرو سەرکەوتوو بن .

گەرانەوەی برای ئازیزم کاک عەلی کەریمی – م بە هەل زانی ئەم نامەیەتان بۆ بنوسم و چەند سەرنج و بۆچوونێکی خۆمتان بۆ دەربرم :

گرنگە کە خاڵی جیاکردنەوەو جوانکردنی لیستی گۆران ئامادەییی بێ بۆ کرانەوە و باوەشکردنەوە بۆ هەموو بیرو بۆچوونە جیاوازەکان

11. هاوین ، کە برای بەرێز کاک عومەری سەید عەلی هات بۆ لەندەن چەند خاڵ و سەرنجێکم دەربارەی کۆمپانیای وشەو ئەگەرەکانی لیستی گۆڕان بۆ دەربری . دیارە ئەوە بەر لە هەڵبژاردن و دروستبوونی دەرفەتی هەلبژاردنی سەرکردایەتی و خۆکاندید کردنی خۆم بوو . لەگەڵ ئەوەشدا من چاوەڕیم دەکرد ئەو سەرەتا دایەلۆگە لەگەڵ کۆمپانیای وشەو بەرێزتان و برادەرانی ریفۆرم بەردەوام بایە . چونکە گرنگە کە خاڵی جیاکردنەوەو جوانکردنی لیستی گۆران ئامادەییی ئەو بێ بۆ کرانەوە و باوەشکردنەوە بۆ هەموو بیرو بۆچوونە جیاوازەکان کە هەموویان بە ئاقاری ئامانجی دروستکردنی بزوتنەوەیەکی گۆڕانی دیمۆکراتی جەماوەری بچن کە لە سەر بنچینەی بۆچوونی زانستی و یاسایی و

دەستووریی و دەزگایی ( موسساتی ) دامەزرابێ و بتوانێ لە ماوەیەکی کەمدا نمونەی جۆرە خەباتێکی سیاسی تازە پێشکەشی جەماوەر بە تایبەتی نەوەی تازەمان بکا . لە ئەنجامدا ببێ بە نموونەیەکی نوێی هیوابەخش و هێزبەخش کە جەماوەر لە رەشبینی و بێهیوایی دەربارەی گۆڕانی وەزعەکەو باشتربوونی ژیانی خۆی رزگار بکا .

کۆمپانای وشە هیچ مەرجێکی موئەسسەساتی تێدا نییە و هیچ جیاوازییەکی لە راگەیادنی پارتی و یەکێتی نییە .

2. خالی هەرەگرنگ کە بۆ کاک عومەرم دەربری ئەوە بوو کە بە داخەوە لە کاتێکدا کۆمپانیای وشەو بەرێزتان هەمیشە داوای جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت و رێبازی دەستووری و دروستکردنی موئەسسات دەکەن ، کۆمپانیای وشە خۆی هیچ مەرجێکی موئەسساتی تێدا نییەو وەک دەزگایەکی راگەیاندن هیچ جیاوازی لە دەزگاکانی پارتی و یەکێتی نییە .

دەکرا کۆمپانیای وشە بکرابایە بە دەزگایەکی نەتەوەیی ناحیزبیی و تەنانەت ناسیاسییش .

دەکرا کۆمپانیای وشە بکرایە بە دەزگایەکی نەتەوەیی ناحیزبی و تەنانەت ناسیاسیش بە مانا حیزبییە تەسکەکەی، ئەوسا لە سەر بنچینەی دانانی رێنمایی یەکسانی دەرفەت و دەستووری دیمۆکراتی و روونکاری ( شەفافیەت) و دیاریکردنی ئامانجی ستراتیجی درێژخایەن و دانانی کەسانی تەکنۆکراتی و ئینتێلێکچوالی بە پێی مەرجی یاسایی یەکسانی دەرفەت بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانە بەبێ گوێدانە پێوەندی حیزبی و شەخسییان . ئەوسا دەکرا کەسانێک لە ناوەوە یان دەرەوە کە پێشتر حیزبی یان شاخییش نەبوو بن یان لە بەرێزتان نزیکێش نەبووبن لە کۆمپانیای وشە جێیان ببووبایەوەو دوور لە رەنگی حیزبایەتی کاریان بۆ کردبایە ، قاعیدەیەکی فراوان و پرۆفیشنالیزمێکی کاریگەرو رەنگاورەنییەکی جوانییان پێببەخشیبایە.

بنەماڵەییکردن و شەخساندنی  کۆمپانیای وشە دەیکاتە کۆپییەکی پارتی و یەکێتیی . مۆدێرنبوونی گۆران بەوە نابێ کە بە قسەبلێن ناتانەوێت ببنە حیزبێکی تەقلیدیی ، دەبێ ئەمە لە پرۆسەکەدا دەرکەوێت .

خاڵەکەی تر کە بۆ کاک عومەرم دەربڕی ئەوە بوو کە وەک بەرێزیشتان دەرتان دەبڕی ، کەساندنی ( شەخسەنەکردنی) کۆمپانیای وشە ئەوسا ' بزوتنەوەی" گۆران دیسان لە ئاقاری پرۆسەی دەستووریی و دەزگایی دادەبڕێ  و دەیکاتەوە بە کۆپییەکی تری پارتی و یەکێتی .  وەک نموونە : ئەو سەرنجانەم بۆ باسکرد کە لەلایەن خەلکەوە ئەوسا بۆمن دردەبردرا دەربارەی دەوری سەرەکی کاک حەمەی تۆفیق وەک روخسارو دیاریکەری سیاسەتی کۆمپانیای وشە و لیستی گۆران بەتایبەتی کە لەبەرخزمایەتی لەگەڵ بەرێزتان گومانی بنەماڵەیی بوونی کۆمپانیای وشە و ئەوسا بزوتنەوەی گۆران دروست دەکا. دیارە ئەم سەرنجانەم لە دلسۆزی و بەتەنگەوەهاتن  بۆ جیاوازبوون و سەرکەوتنی ئەرکی گۆرانی دیمۆکراتی بوو .  ئەگینا من دەزانم کاکە حەمەتۆفیق کەسێکی بەتواناو ئێشکەرەو بیرو بۆچوونی مۆدێرن و جوانی هەن و هەقی خۆیەتی دەوری سەرەکی و رابەرییانەی هەبێ . ئەوەی من ئەوساو ئێستاش مەبەستمە پرۆسەکەیە کە دەستووری و دیمۆکراتی و دەزگایی بێ . نەک شەخسەنەکردن و حیزبییکردنی 'بزوتنەوەی 'گۆڕان .

ئەم ئامانجەش بەوە نایەتە دی کە بەرێزتان دووبارەو چەندجارەی بکەنەوە کە نابنە حیزبی تەقلیدی ، بەلکو دەبێ لە پرۆسەکەدا ئەمە دەربکەوێ .

شەڕی گۆران تەنیا دژی یەکێتی و لە ناوچەی سلێمانی یە  .

سەرنجێکی ترم ئەوە بوو کە جەختی شەڕی گۆڕان لە سەر یەکێتیی  و سەرکردایەتی یەکێتیی  و ناوچەی سلێمانییە ئەوەش وای کردبوو  ئەوسا  لای زۆر لە یەکێتییەکان وا لێکبدرێتەوە کە کۆمپانیای وشە  تەنیا دەیەوێ یەکێتی لەت بکاو تێکبدا  .

کۆمپانیای وشە دەتوانێ جەخت لە سەر رەخنەی پەیمانی ستراتیجی و رەخنەی هەردوو بنەماڵەکە بکات .

لە کاتێکدا کۆمپانیای وشە دەتوانێ جەخت لە سەر پەیمانی ستراتیجی جەلال تالەبانی لەگەڵ پارتی بکاو ئەمە بە هۆی شکستی یەکێتی دابنێ و لەلایەکی تریشەوە بە ئاشکراتر رەخنە لە هەردوو بنەماڵە بگرێ . ئەمە ئەو سێ خالە سەرەکییە بوو کە پێش هەلبژاردن بۆ کاک عومەرم دەربڕین .

گۆڕان کەمێتییەکی پەرلەمانی بێدەسەلاتە ، بەلام دەکرێ بێتە نموونەی ئۆپۆزیسیۆنێکی مەبدەئی و دەستووری و کاریگەر .

3. گۆڕان و کۆمپانیای وشە : بەداخەوە ئەو دەورەی بەرێزت و کاک حەمەتۆفیق و برادەرانی ریفۆرمی یەکێتی  ئێستا لە بزوتنەوەی گۆڕاندا دەیبین سەلماندنی شەخسەنەبوون و حیزبیبوون و تەقلیدیبوون و یەکێتیی بوونی ' بزوتنەوەی' گۆڕانە . ئێستا بە ئاشکرا لە لایەکەوە هەست بە بوونی لیستی گۆڕان دەکرێ کە شەرعییەتی هەلبژاردنی هەیە بەلام لە پەرلەماندا حەتمەن وەک کەمێتییەکی پەرلەمانی بێدەسەلاتە ، بەلام دەکرێ ببێتە نموونەی ئۆپۆزیسیۆنێکی مەبدەئی و دەستووری و کاریگەر بۆ رۆشنبیرکردن و راکێشانی جەماوەر بۆ پشتگیری ئامانجە دەستووری و دیمۆکراتی و جەماوەرییەکان .

هەندێ جار وادەردەکەوێ خۆت بە تەنیا { مجلس قیادە التورە } ی گۆڕان – ی و حەمەتۆفیق زمانحالەکەتە .

لە لایەکی تریشەوە هەست بە دەورو دەسەلاتی گەورەی کۆمپانیای وشەو شەخسی بەرێزتان  وەک بریاردەری سەرەکی رێبازو فەلسەفەی ' بزوتنەوەی' گۆڕان دەکرێ . کە ئەمە گۆڕان لە چەمک و راستیی بزوتنەوە بوون و دیمۆکراتیبوون و دەزگایی بوون دادەبڕێ و دەیکاتە حیزبێکی لە تەقلیدی تەقلیدیتر . ئێستا کۆمپانیای وشە [ کە بە بیرو پێکهاتە کۆنە یەکێتییەکەیە ] بە نیسبەت گۆڕانەوە هەمان دەوری { مجلس القیادە التورە } دەبینێ کە لە کاتی خۆیدا بۆ وەسفی سیستمی بریاردانی یەکێتی و پارتی بەکارت هێنا.

هەندێ جار وا دەردەکەوی کە شەخسی خۆت بە تەنیا { مجلس قیادە التورە } کەی گۆڕان - ی و کاک حەمە تۆفیق زمانحالەکەتە . . هیوادارم تێمبگەی کە مەبەستم بەهیچ جۆر ئەوە نییە کە بەرێزتان نابێ دەوری سەرەکی و نێوەندیی لە بزوتنەوەی گۆراندا ببینن . دەوری سەرکردەو سەرکردایەتی دلسۆزو بە توانا دەورێکی جەوهەریی و پێویستە بۆ هەر بزوتنەوەیەک دیارە خۆشت وەک کەسی دووەمی ناو یەکێتی ئەو پێوەندی و ئیمکانیەتەت بەدەستەوە بوون بناغەو رێبازی ریفۆرم ئەوسا لیستی گۆران دابنێی و رێبەرایەتی بکەی .

مانەوەی کاک نەوشیروان و کاک حەمەتۆفیق و کاک عوسمان بانیمارانی لە پەرلەمان پێویست بوو ، دەبووە بنچینەیەکی دەستووری و دیمۆکراسی و شەرعییەتی جەماوەری بۆ سەرکردایەتی و دەسەڵاتی ئێوەش .

دیسان مەبەستم پرۆسە دەستووری و دیمۆکراتی و دەزگایی یەکەیە . بە رای من مانەوەی تۆو کاک حەمە تۆفیق و کاک بانیمارانی لە پەرلەمان زۆر پێویست بوو . ئەوسا بنچینەیەکی دەستووری و دیمۆکراسی و شەرعییەتی جەماوەری بۆ سەرکردایەتی و دەسەڵاتی ئێوە دەبوو ، نەک شەرعییەتی حیزبی تەقلیدی وەک ئێستا .

دروستنەبوونی سیستمی دەستووری دەزگایی لە کوردستاندا بە پلەی یەکەم لە لاوازی و ناشەرعێتیی سیستمی حیزبییەوەیە .

دروستنەبوونی سیستمی دەستووری دەزگایی لە کوردستاندا بە پلەی یەکەم لە لاوازیی و ناشەرعێتی سیستمی حیزبییەوەیە ، کە حیزبەکان خۆیان دەستووریی و یاسایی و دەزگایی نین و شەخس و بنەماڵە و دەستوپێوەند بۆ قازانجی شەخسی و بنەماڵەیی بەرێوەیان دەبەن . تەنانەت پێرەوی دواکەوتووی ناوخۆی خۆشیان فەرامۆشکردووەو دەوری ئەندام و قاعیدە سفرەو کۆنفرانس و هەلبژاردنی دیمۆکراتی لە بیر چوونەوە . ئەوە گەر باسی دەستەگەریی و گەندەڵی و جەریمەکاری دژی گەل نەکەین . بۆیە من یەکەم یاسا کە لە کەمپینی سەرکردایەتیمدا پێشنیازم کردبوو یاسای ریفۆرمی حیزبیی لە

کوردستان بوو تا دروستبوون و کارکردنی حیزبی دەستووریی و یاسایی و دەزگایی بکرێ .

بەشە پەرلەمانییەکەی حیزب شەرعییەتی  زیاتری نوێنەرایەتیکردنی خەلکی هەیە ، بۆیە  هیوادارم چاو بە بریارەکەتاندا بخشێننەوەو بگەرێنەوە ناو پەرلەمان .

بەلام  بوونی حیزب لە پەرلەماندا تا رادەیەک جیابوونەوەیەکە لەم ناشەرعییەتە و مانای دەستووریبوون و شەرعیبوونی لایەکی ئەو حیزبەیە وەک نوێنەری هەڵبژێردراوی خەڵک و کرۆکی دەولەت ، ئەمە گەر هەلبژاردنەکان دروست و دیمۆکراتی بن ،، بۆیە لە دەولەتە دیمۆکراتییەکاندا گرنگی زۆر بە حیزبە پەرلەمانییەکە دەدرێ . چونکە ئەو نوێنەری پێوەندییە شەرعییە دەستوورییەکەیە لەگەڵ خەڵک و لەلایەکی تریشەوە توانای گۆرین و چاکسازی و خزمەتی گەلی هەیە لە ریگای پرۆسەی یاسادانانی پەرلەمان و چاودێری دەسەلاتی جێبەجیکردن و ئیشکردن بۆ پرۆگرامە پەرلەمانییەکەی خۆیان و چارەسەری کێشەکانی هاولاتییان و خزمەتکردنیان و سەپاندنی حوکمی یاساو جەنگان دژی گەندەلی و نادادیی کۆمەلایەتی .

بۆیە بەلای منەوە بوونی ئەو سێ سەرکردەی وشە / گۆران لە پەرلەمان یەکجار گرنگ بوو بۆ دروستکردنی شەرعییەتی دەستووری و سەلماندنی دەوری سەرکردایەتی و مافی بریاردانی سیاسی لە رێگای پرۆسەی پەرلەمانی دیبات ( ئاخاوتن } و گفتوگۆو دایەلۆگ و بەرپرسبوون بەرامبەر یاسا لە لایەکەوەو جەماوەر لە لایەکی ترەوە . گومان نییە بوونی بەرێزتان لە پەرلەمان زیندوو ترو چالاکتری  دەکردو پێوەندی و گرێدان لەگەڵ خەڵک پرۆسەدارترو روونتر و دەزگایی تر دەبوو . ئێستاش کە لیستی گۆران جێی ئەو سێ ئەندامەی پڕ نەکردۆتەوە هیوادارم چاو بەو بریارەی پێشووتاندا بخشێننەوە و خۆتان بچنە پەرلەمانەوە کار بۆ کاراکردنی بکەن وەک لە خالێکی تردا باسی دەکەم .

راستتر وایە ئەو 25 کەسە هەڵبژێردراوە بەو سێ کەسەشەوە کە تائێستا نەچوون ، بە ئەنجومەنی بزوتنەوەی گۆران دابنرێن و ئێوەش [ بەرێزتان و کاک حەمە تۆفیق و کاک بانیمارانیش ) لە هەموو بریارو قسەو راگەیاندنێکدا بەرامبەر ئەوان بەرپرسیار بن نەک بە پێچەوانەوە .

4 . هەر لەم بۆچوونەوە کە دەستەی هەڵبژێردراوی پەرلەمان شەرعییەتی جەماوەریی و دەستووریی هەیە ، ئەوان دەتوانن لەگەڵ پراوەکردنی دەورە پەرلەمانییەکەیان لە ناو پەرلەماندا دەوری دیموکراتیکردن و گەشەپێکردنی رێکخراوێکی جەماوەری بۆ بزوتنەوەی گۆران لەدەرەوەی پەرلەماندا ببینن. بەم پێیە بە لای منەوە راستتر وایە ئەو 25 کەسە هەڵبژێردراوە بەو سێ کەسەشەوە کە تائێستا نەچوون ، بە ئەنجومەنی بزوتنەوەی گۆران دابنرێن و ئێوەش [ بەرێزتان و کاک حەمە تۆفیق و کاک بانیمارانیش ) لە هەموو بریارو قسەو راگەیاندنێکدا بەرامبەر ئەوان بەرپرسیار بن نەک بە پێچەوانەوە و میتۆدی دایەلۆگ و بیروڕای جیاوازو بریاروەرگرتنی دیموکراسی و بەدەنگدان بەکار بێنن و کۆبوونەوەی کراوە بکەن .

باشتر وابوو لە جیاتی دانانی سەرۆکی لیستی گۆران لە لایەن ئێوەوە دەرگای خۆ کاندید کردن بۆ ئەو دەورە بۆ هەموو ئەندامان بکرابایەوەو بە پرۆسەیەکی یاسایی سەرپەرشتیکراو لە لایەن قازییەکەوە هەلبژاردنی ئازادی بۆ بکرابایە . هەروەها دەکرێ بە هەمان چەشن هەلبژاردن لە ناو ئەو 25 کەسە هەلبژێردراوە بۆ ئەنجومەنێکی 8 کەسی بۆ سەرپەرشتی پرۆسەی دروستکردنی یاسایی و دیموکراتی بزوتنەوەی گۆران بکەن لە دەرەوەی پەرلەمان : سێ کەس بۆ پارێزگای هەولێر ، سێ بۆ سلێمانی و دوو بۆ دهۆک . ئەو دەستەیەش سەرپەرشتیی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی گۆران بکەن بە بێ خۆتێگەیاندنی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆی کۆمپانیای وشە .

دەستەی لیستی گۆران کە بیانەوێ دەتوانن ببنە پەرلەمانی ناو پەرلەمان ، دەشتوانرێ بکرێنە ئامرازێک بۆ سازشکردن لەگەڵ دەسەڵات و بوجە بەدەستخستن و هەڵخەلەتاندنی میللەت .

به کورتی دەستەی لیستی گۆران کە بیانەوێ دەتوانن ببنە پەرلەمانی ناو پەرلەمان و هێزێکی مەدەنی یاساخوازو دیمۆکرات ، بەوەی کە خۆیان ببنە نموونەی پەرلەمانتەری دەستووریی و دیمۆکراتی و لێزان و بەکار . دەشتوانرێ وەک ئەندامانی پێشووی چوارحیزبەکە بکرێنە ئامرازێک بۆ سازشکردن لەگەڵ دەسەلآت و بوجە بەدەستخستن و هەڵخەلەتاندنی میللەت . ئێستا بە ئاسانی هەست بە ( گۆڕانی پەرلەمانیی ) دەکرێ کە پەراوێزو لاواز دەردەکەوێ بەرامبەر بە ( گۆڕانی گردەکە ) کە لەوە دەچێ بە بێ هیچ پرۆسەیەک و پلاتفۆرمێکی دیمۆکراتی هەموو بڕیارەکانی بەدەست بن و دیکتاتی گۆڕانە پەرلەمانییەکە بکا . ڕەنگە وا نەبێ بەڵام تا ئێستا بۆ دەرەوە وا دیاردەکەوێ کە ئەمەش دروست نییە .

مادام کەی ئێن ئێن بە پارەی گەندەڵیی دروستکراوەو گردێکی گەورەی شاری سلێمانی بە نارەواو نایاسایی داگیرکردووە تاقە پاکانەیەک بۆ ڕەوایی ئەوە بوو وەک ئەلجەزیرە ببێتە تەلەفزیۆنیکی سەربەخۆ و بواری هەموو بیرارایەکی جیاواز بدات .

5 . وەک دەزگایەکی ڕاگەیاندنیش بەراستی بەتایبەتی دوای دەسبەکاربوونی کەی . ئێن . ئێن من چاوەڕێم دەکرد ، کە وەک تەلەفزیۆنی ئەلجەزیرە تەواو سەربەخۆ بێ و کۆمەلێ پرۆفێشنەلی ئازادو بێلایەن بیبەن بەڕێوەو دەرفەتی یەکسان بدا بە هەموو مرۆڤێک و گرۆیەکی کوردی و [ عیراقی و جیهانیش } خاوەن بیرو بۆچوونی جیاواز . مادام پرۆژەکە ڕاستی بڵێین بە پارەی گەندەڵی دروستکراوەو گردێکی گەورەی شاری سلێمانی بە نارەواو نایاسایی داگیرکردووە ، بەلای منەوە ئەمە تاقە ڕێگایەکی دروست و ڕەوا بوو بۆ مانەوەو کارکردن و خۆپاککردنەوەی تا یاسایەکی گشتی دژی گەندەڵی لە کوردستدا بەرقەرار دەبێ . ئەلجەزیرە بە ڕاوێژ لەگەل پسپۆرترین کەسانی سیاسیی و میدیایی ، ستراتیجێکی میدایی جیهانی زانستی بۆ خۆی داناو ئەوسا لە هەموو دنیادا گەرا بە دوای ئەو کە سە ناودارو بەتواناو پرۆفێشنە لە سەربەخۆیانەی

دەتوانن ئەو ئامانجە ستراتیجییانە بەدیبێنن . ئێستا ئەلجەزیرەی ئینگلیزی بە ئاسانی موناڤەسەی بی. بی. سی دەکاو زیاتریش .

کەی . ئێن . ئێن نەک هەر نەبووە سەکۆیەکی ئازاد بەداخەوە زۆر حیزبی تر و چیکلدانە تەسک ترو گۆشەگیر تر لە دەزگا حیزبییەکانی تر خۆی دەرخست .

کەچی کەی . ئێن. ئێن نەک هەر نەبووە سەکۆیەکی ئازاد بەداخەوە زۆر حیزبی تر و چیکلدانە تەسکترو گۆشەگیر تر لە دەزگا حیزبییەکانی تر خۆی دەرخست . ڕێگا نەدان بە من لە کاتی کامپینی هەڵبژاردن دا تا بیروبۆچون و هەلوێستی خۆم دەربرم هیچ پاکانەیەکی سیاسی و پیشەیی و ئەخلاقی نەبوو کاتێ کە من 100% پشتگیری ئامانجەکانی گۆران بووم و بەپێی تواناو دەرفەت بەشداربووم لە ڕێگەخۆشکردن بۆی و لەماوەی کەمپیەینەکەدا لە نزیکەی 10 شوێن وتارم بۆ جەماوەری گۆران داوەو پرسیارو وەلام و دایەلۆگی عەقلانی هێمنیان بەدوادا هاتووە . کە هیچیان وەک هەواڵیش نە لە کەی . ئێن . ئێن نە لە ڕۆژنامەدا بلاو نەکرانەوە لە کاتێکدا هاواری عاتیفییانەی کاک فەرهاد سەنگاوی زەمانی جەنگی مەغلوبەی شاخی بیری خەڵک دێنایەوە . هەر چۆنێ بێ ئەمە تێپەڕی و تەنیا وەک نموونەیەک باسی دەکەم .

کەی . ئێن . ئێن قەت کۆمپانیایەکی میدیایی سەربەخۆ نەبووەو ئێستاش لە زمانحالێکی حیزبیی بەولاوە نییە .

6. لە چاوپێکەوتنێکدا بەرێزت وتت کە دوای هەڵبژاردن کۆمپانیای وشە دەبێتەوە بە کۆمپانیایەکی میدیایی سەربەخۆ . دیارە ک . و . قەت کۆمپانیایەکی میدیایی سەربەخۆ نەبووە ئێستاش کەی ئێن ئێن لە زمانحالێکی حیزبیی بەولاوە نییە ، بە رای من دوای هەلبژاردن و ئەو خەلکە زۆرەی بە حەماسەوە دەنگی بۆ گۆران دا ، ئێستا ڕەوا نییە وەک پێش هەلبژاردن بەردەوام بێ . دەستپێشخەری سیاسەتی رادیکالانە لای بەرێزتانەوە گرنگە . کورد چەمکی کاتی نییە و { نان ئەو نانە ئەمرۆ لە خوانەی } بە دڵ بێ هەموو رابردوو لە بیر دەباتەوەو سبەینێش چ دەبێ مەسەلە نییە . کات

ڕەگەزێک نییە بۆ ئەنجامدانی کارێک لە ماوەیەکی دیاریکراوداو پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی ، ئەمە بۆ قەزاوقەدەرو پێشهاتی زەمانەو ' کاری نەزان خوا دەیگێڕێ " هەڵدەگیرێ .

## کوردستان بەشێکی کەمی خەڵکەکەی ( عومەر مورتاحن ) و زۆرینەی ( هۆمەری فەوتاون )

برادەرانی کوردستان پۆست کاک عومەر فەتاح – یان ناوناوە ' (عومەر مورتاح ) . ئەو ناوە وەک ناوێکی گشتی نموونەیی دەکرێ بۆ هەموو ئەوانە بەکار بهێنرێ کە بە گەندەڵی و دزیی پارەو سامان و خانووو زەویو کۆمپانیاو بازرگانییان پێکەوە ناوەو هەموو بنەماڵەو کەسوکاریان کردوونە پارەدار و وەزیفەدارو کچ و کوریان لە باشترین خوێندن یان وەزیفەدان یان لە خاریجن . بەداخەوە مۆدێلی عومەر مورتاح تەنیا گەندەڵە زەبەلاحەکانی پارتی و یەکێتی ناگرێتەوە . بەڵکو بەلای کەمەوە بەشێکیش لەوانەی بە خۆیان دەڵێن ریفۆرمیست و گۆڕانخواز . بۆیە گۆڕان لای ئەوانە لە چەمک و بیرێکی بۆشی بی بەرنامەو ستراتیج و کات زیاتر نییە . ئەوەیان بەلاوە گرنگترە لە گەڵ دەسەلاتی گەندەڵ موساوەمە بکەن بۆ پاراستنی حالەتی عومەر مورتاحیی خۆیان لەوەی بیر لە بەدیهێنانی ئەو هەموو بەڵێنە گرنگ و زۆرانە بکەنەوە کە لە کاتی هەلبژاردندا بە خەڵک دران . بەڵام دیارە بەشی هەرە زۆری گەل عومەر مورتاح نییە بەلکو [ هۆمەری داماوە ] .

## ئەمە نموونەی خەلکی کوردستانە کە لە شەوو ڕۆژێکدا بە خەبەر هاتن و سەیریان کرد شۆڕشگێڕەکان هەموو ملك و مالیان داگیرکردوون .

ئەمە نموونەی خەلکی کوردستانە کە لە شەوو ڕۆژێکدا بە خەبەر هاتن و سەیریان کرد شۆڕشگێڕەکان هەموو ملك و مالیان داگیرکردوون ، زەوی ناو شار، خانوو ، بینایەی حکومەت ، زەوی کشتوکالی ، گردو دۆڵ ، کارخانەو دایەرە ، نەماوە کە بەناهەق و حەرام نەکرابێتە ملکی تایبەتی گەندەلان و

بنەماڵەکانیان یان کۆمپانیا حیزبییە ناشەرعییەکانیان . لە ژێر سایەی ئەو سیستمە بەربەرییە داگیرکارییەدا رۆژانە ژنان دەکوژرێن و گەنجان نائومێدو ئاوارە دەکرێن  ژمارەی خیزانانی هەژارو سوالکەران تا دێ زیاتر دەبن و تەندروستی و پەروەردە و بەرهەمی ناوخۆیی و سیستمی ئەخلاق دادەڕمێن و وێران دەکرێن . منالانی شەهیدان و ئەنفالکراوان بێ نازو پاشەرۆژن .

خەلک چاوەڕێی باشتر کردنی ژیان و عەدالەت و نمونەی نوێی خەبات و دەسکەوتی بەرچاوە لە گۆران گەرچی بچووکیش بێ .

خەڵک چاوەڕێی ئەوە  نییە لە هەولێرو بەغدا گۆران ببێتە حیزبێکی زیادە بۆ چوار حیزبەکە یان جێگەی ئەوان بگرێتەوە و ئەوەی بە لایەوە گرنگ بێ سەرکردایەتی کام لیژنەو هاوپەیمەنی کێ دەکاو چۆن پارە پەیدا دەکا . خەلک چاوەڕێی باشتر کردنی ژیان و عەدالەت و نمونەی نوێی خەبات و دەسکەوتی بەرچاوە گەرچی بچووکیش بێ .

لە ماوەی دوورو درێژی  دەوری بەرێزتان لە ناو یەکێتیدا لە سلێمانیدا تەنیا یەک دەسکەوتی بەرچاوتان هەبایە وەک پاراستنی تەنیا زانکۆی سلێمانی لە دەستێوەردانی حیزبی و مانەوەی وەک بنکەیەکی زانستی و پەروەردەیی سەربەخۆی نەتەوەیی پێشرەو ، یان پاراستنی سەربەخۆیی دادگا .

بۆ نموونە گەر لە ماوەی دوورو درێژی  دەوری بەرێزتان لە ناو یەکێتیدا لە سلێمانیدا تەنیا یەک دەستکەوتی بەرچاوتان هەبایە وەک پاراستنی تەنیا زانکۆی سلێمانی لە دەستێوەردانی حیزبی و مانەوەی وەک بنکەیەکی زانستی و پەروەردەیی سەربەخۆی نەتەوەیی پێشرەو،  یان پاراستنی سەربەخۆیی دادگا ، یان زامنکردنی ئەوەی پارێزگاری سلێمانی کە دەوترێ سەر بە ئێوە بووە ، بە پێی یاساو رێوشوێنی عەدالەت و یەکسانی دەرفەت و دژە گەندەڵی و ئەخلاق کارەکان ئەنجام بدات ، هەر یەکێ لەم کارانە ئێستا دەبوونە نموونەو مودێل بۆ دڵخۆشکردنی و هیواپەیدا کردنی خەڵک بۆ کارو دەسکەوتی گەورەتر . بەلام لە بزریی و نەبوونی هیچ دەسکەوتێکی بەرچاو جگە لە وشەو وشەکاریی ، کە

کورد وتەنی قسە هەژارەو هەموو کەس پێی دەوێرێ و دەرکەوتنەوەی روخساری یەکێتییە کۆنەکەی گۆڕان ، ئێستا خەلک خەریکە جارێکی تر هیوابراو دەبێ کە ئەمە گەورەترین ئامانج و خواستی دەسەلاتی گەندەڵە .

وەک دەست پێشخەرییەک دژی گەندەڵی لە خۆتانەوە دەست پێ بکەن و گردی وشە بدەنەوە بە خەڵک .

بۆیە بە رای من دەسپێشخەرییەکی گەورەی بەرێزتان دژی گەندەڵی پێویستە بەوەی کە ئەوەی خۆت و کۆمپانیای وشە لە توانایاندا هەیە ئەوە بکەن بەر لەوەی داوا لە خەڵکی تر بکەن. ئەویش بەوەی :

11. بە داواکرنی دەرکردنی بریارێکی پەرلەمان ( یان کە نەیانکرد بە بریاری لیستی گۆران خۆی ) ، گردی وشە بگێرنەوە بۆ میللەت و بکرێتە کتێبخانەیەکی زانکۆیی نەتەوەیی گەورە و کتێبی زانستی و سەرچاوەیی لە هەمو دنیاوە بە بەخشین یان کرین بۆ بهێنرێ . لەگەڵ بنکەیەکی ئەرشیفی نەتەوەیی و داتای کۆمپیوتەری و نێوەندێکی لێکۆلینەوەو دیراساتی زانستیی نەتەوەیی و تەکنۆلۆجی کۆمپیوتەر . ئەمە بەشێک هیواو رەنگ و جوانی بۆ سلێمانی وەک پایتەختی رۆشنبیری دەگێرێتەوەو گەر حکومەت ئەم کارەی نەگرتە ئەستۆ دەکرێ لە رێگای پیتاکی نەتەوەییەوە لە ناوەوەو دەرەوە پارەی بۆ کۆ بکرێتەوە .

کەی ئین ئێن و کۆمپانیای وشە بکەنە دەزگایەکی نەتەوەیی سەربەخۆ

2 . کەی . ئێن. ئێن و دەزگای وشە ، دیسان بە بریارێکی پەرلەمان کە لیستی گۆران داوای بکا ، ببن بە دەزگایەکی میدیایی نەتەوەیی سەربەخۆو کەسانی پسپۆری بێلایەنی – لە سەر مۆدێلی ئەلجەزیرە. لە دەرەوە بۆ بهێنرێن و هیچ دەسەلات و خۆتێگەیاندنی کۆمپانیای وشەی بە سەرەوە نەمێنێ .

بەرای من ئەم دوو کارەی بەرێزتان زۆر زیاتر لە هەوڵی لاوازو بێبەری ، بوون بە ئۆپۆزیسیۆن لە پەرلەماندا دەور دەبینێ و متمانەی خەڵک بە ئێوەو گۆران

زۆر زیاتر دەکاو دەسکەوتێکی نەتەوەیی گەورە بۆ نەوەکانی ئێستاو داهاتوو بەدەستدێنن و نموونەی موئەسسەساتی نەتەوەیی راستەقینە پێشکەش دەکەن .

گەر یەکێتی بۆ پلینۆم 1500 کەسی دەستبژاردەی  کۆکردەوە من چاوەرێم دەکرد 'بزوتنەوەی گۆران' 5000 کەس لە نوینەرانی راستەقینەی خەلک کۆبکاتەوە .

6. دروستکردنی کۆمیتەکانی دەرەوەو ئەنجومەنەکانی ناوەوە . بە لامەوە زۆر سەیر بوو کە بەو شێوە حیزبییە کلاسیکییە کۆنە یەکێتییەکان کەوتنە خۆیان بۆ دروستکردنی کۆمیتەی دەرەوەو ئەنجومەن  و رایەلەی ناوەوە !. گەر یەکێتی بۆ پلینۆم 1500 کەسی دەستبژاردەی  کۆکردەوە من چاوەرێم دەکرد ' بزوتنەوەی گۆران' 5000 کەس لە نوینەرانی راستەقینەی خەلک کۆبکاتەوە تا ئەنجومەنێکی هەرێمیی نوێنەری راستەقینەی خۆیان وەک بزوتنەوەی جەماوەری گۆڕان ، هەلبژێرن  دوایی ئەو ئەنجومەنە گەر پێویست بایە سەرۆکی بزوتنەوەی گۆران لە نێوان کۆمەلە کاندیدێک بە ئازادی و خواستی خۆیان هەلبژێرن گەرچی باشتر وایە سەرۆکایەتی بە کۆمەل هەبێ و هەر شەش مانگێک جارێک سەرۆکەکان جیگۆڕکێ بکەن  بۆ ئەوەی تاقە سەرۆکی مەرکەزی تەقلیدی نیمچە ستالینی دروست نەبێ . بەلام گرنگە ئەو سەرکردانە بە هەلبژاردن بن نەک بە دەست بژێرو دەست نیشانکردن . دەکرا یەکەمجار ئەورووپا بکرابایە بە نموونە . بۆ نموونە لە لەندەن دەکرا هەموو کوردێکی گۆرانخواز بێ جیاوازی بۆ کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی بانگکرابایەو لە ژێر جاودێری دادوەرو پارێزەری سەربەخۆ و کەسێتی کوردی سەربەخۆو نوێنەرانی رێکخراوی بەریتانی هەلبژاردنی نوێنەران  بکرابایە . وەک سیستمی بەریتانی دەبوو بەلای کەمەوە 21 رۆژ پێشتر خەلْک لەو کۆبوونەوە ئاگادار بکەن و داوایان لێ بکەن پێشنیازو بۆچوونی خۆیان ئامادە بکەن . دیارە بۆ رێکخراوێکی تازە دانانی دەستوورو پرۆگرام و بەرنامەی کار بە یەک رۆژو کۆبوونەوە ئەنجام نادرێ بەلای کەمەوە کۆنفرانسێکی سێرۆژیی نوێنەرانی

هەلبژێردراوی دەوێ تا ئەم کارە بە رێکوپێکی و تەواوی ئەنجام بدەن بەلام دیارە پێویست بە دروستکردنی رێکخراوی نوێ و بەرنامەی نوێ نەبووە .

بە رای زۆر خەڵک گۆران هەر یەکێتییە شاخییە کۆنەکەیەو برادەرانی ریفۆرمیش لە کوردستانەوە هاتوون سەرپەرشتی هەلبژاردن لە لەندەن بکەن لە جیاتی دادوەرو نوێنەری سەربەخۆی بەریتانی ! .

بە رای زۆر خەڵک گۆران هەر یەکێتییە شاخییە کۆنەکەیەو برادەرانی ریفۆرمیش لە کوردستانەوە هاتوون سەرپەرشتی هەلبژاردن بکەن لە جیاتی دادوەرو نوێنەری سەربەخۆی بەریتانی. یان خەڵکی دەستوورزان و پرۆفێشنال لە کوردستانەوە بەرنەوە بۆ سەرپەرشتی هەلبژاردنی ناوەوە. بە پێی راپۆرتێک کە لە هاولاتی خوێندمەوە دروستکردنی ئەنجومەنەکانی کوردستانیش هەر بەو شێوەیە بووە. لە کاتێکدا دەبوو دەرفەتی یەکسان بەو هەزاران کەسە بدرێ کە دەنگیان بۆ گۆڕان داوە بە تایبەتی گەنجەکان و خەڵک بە ئازادی خۆیان لە هەموو شارو گوندو گەرەک و گردێک بە سەرپەرشتی ئەندامانی هەلبژێردراوی لیستی گۆران لە پەرلەمانداو دادوەر وپارێزەرانی سەربەخۆ ، هەلبژاردن ئەنجام بدرێ و لەهەر قەزایەک ماوەی دوو رۆژ بۆ دایەلۆگ و گفتوگۆ دەربارەی بەرنامەو سیاسەت و داهاتوی گۆران تەرخان بکرێ و کۆبوونەوەکەو موناقەشەکان بە ئازادی لە لایەن کەی.ئێن.ئێن – ەوە بلاو بکرێنەوە ، گەر گۆران بیەوێ جیابێ و تەقلیدی و ستالینی نەبێ ، دەبێ ئەمە هەر بە قسەو راگەیاندن نەبێ و میتۆدی ستالینی و تاکرەویو سەپاندنی دەوری سەرکرادیەتی بەکارنەهێنێ و دیمۆکراسی رێکخراوەیی راستەقینە پیادە بکات و سەدان سەرکردە دروست بکات و دەستەی شاخیش وردە وردە خانەنشین بکات و تووشی داخران نەبێ و هەموو لایەکی تر و هەموو هاونیشتمانییەکی تر بخوێنێتەوە ، پێشگرنگی بە هاوئامانجی و هاوپرۆسەیی بدرێ نەک دەستکەوتی حیزبی و مومافەسەی حیزبی تەسک .

7. هەلوێست بەرامبەر سەرۆکایەتی و پارتی . ئەوەی بەتایبەتی لای من جێگەی داخە هەڵوێستی سیاسیی کۆمپانیای وشەیە  بە تایبەتی دەربارەی سەرۆکایەتی هەریم و پارتی .

لە کاتێکدا لە ئێران و ئەفغانستان نیو ئەوەندەی کوردستان ئەوا بە ئاشکرایی و بێباکی و بەربەرییانە تەزویر لە هەلبژاردنی سەرۆکایەتیدا نەکرا ، کەچی لە ئێران و  ئەفغانستان بە هۆی ئۆپۆزیسیۆنی مەبدەئی و نەبەردەوە ، تەزویرەکە نیونەتەوەیی کراو ئەنجامەکانی هێشتا لە زۆر رووەوە  بۆ خزمەتی پرۆسەی دیمۆکراتی و دژەگەندەڵی هەر دوو گەلەکە کاریگەرن و بەردەوام دەبن . کەچی بە داخەوە ئەوانەی بە خۆیان دەڵێن ئۆپۆزیسیۆن و گۆرانخوازو یاسا خواز هەلوێستی زەعیفترین ئیمانیشیان نەنواند بەوەی کە هەر ئەوەندەش بڵێن ئێمە بەشداری پەرلەمان دەکەین بەلام سەرنج و گومانمان لەو ئەنجامە هەیە لە کاتێکدا هیچ دەوڵەتێکی دنیا پیرۆزبایی لێنەکردووەو بە هەلبژاردنێکی دروستی دانەناوە ..

لە کاتی هەلبژاردندا وتەی سەر زاری  کۆمپانیای وشە ئەوە بوو کە : باوەرمان بە سەرکردایەتی نییەو دەنگی بۆ نادەین ، بەلام ئەو باوەرنەبوونە بە سەرۆکایەتی دوای هەلبژاردن چی لێهات ؟

لە کاتی هەلبژاردندا وتەی سەرزاری  کۆمپانیای وشە ئەوە بوو کە : باوەرمان بە سەرکردایەتی نییەو دەنگی بۆ نادەین ، کە ئەمە بەلای منەوە  سەیرترین هەلوێستی سیاسیی غەیبی بوو ! چۆن باوەرت بە شتێک نییە کە هەیە ، یاسایەکی تایبەتی سەرۆکایەتی هەرێم هەیە ، فەسڵێکی تایبەتی بەدەسەلاتی سەرۆکی هەرێم لە دەستووردا هەیەو سەرۆک حیزبێکی گەورەو خاوەن ئەمارەت کاندیدەو دەیەوێ دەسەلاتی خۆی و بنەمالەکەی بسەپێنێ . ئیدی سەرم سورمابوو باوەرمان بە سەرۆکایەتی نییە ، و لەو حالەتەدا باوەرت پێ بێ یان نەبێ چ لە راستی مەسەلەکە دەگۆرێ .! بەلام ئەو باوەرنەبوونە بە سەرۆکایەتی دوای هەلبژاردن چی لێهات ؟

11.وەک وتم لیستی گۆران لاوازترین { تحفض ) ی بەرامبەر بە تەزویری هەلبژاردنی سەرۆکایەتی دەرنەبری و کەم یان زۆر ، دوور یان نزیک خۆی لە قەرەی نەدا .

. دەق لە سی یان سیویەکی ئابدا بوو، کە بەناوی لیستی گۆران- ەوە پەنایان بۆ سەرۆکی تەزویر بردو لە بەری پارانەوە کە بە سەرەقەڵەمێکی مەرحەمەتی خۆی 1600 کەسی دەرکراویان بۆ بگێرنەوە .

2. دەق لە سی یان سیویەکی ئابدا بوو ، کە بەناوی لیستی گۆران- ەوە پەنایان بۆ سەرۆکی تەزویر بردو لە بەری پارانەوە کە بە سەرەقەڵەمێکی مەرحەمەتی خۆی 1600 کەسی دەرکراویان بۆ بگێرنەوە . ئەمە ئەوانە بوون کە باوەریان بە سەرۆکایەتی نەبوو . ئەمە لە جیاتی ئەوەی وەک دەستەیەکی تازەی هەلبژێردراو لە لایەن خەلکەوە تا نوێنەری ئازارو ئاواتەکانیان بن ، ریکەوتی یادی 31 ی ئاب یەکسەر دوای سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردن بە دەرفەتێکی مێژوویی زێرین بزانن تا هەلوێستیکی مەبدەئی ئینسانی نەتەوەیی بەو بۆنەوە بنوێنن و بەیانێ دەرکەن و داوا لە پەرلەمان بکەن کۆببێتەوەو پرۆژەی یاسایەک بۆ ئیدانەکردنی خیانەتی سیویەکی ئاب و داواکردنی ئاشکراکردنی پێشینەو نهێنییەکانی و ئاشکراکردنی کوژراو و گیراو و قوربانییەکانی و گێرانەوەی ئاوارەکانی و قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکانی و سزادانی تاوانبارەکانی بکەن .

یان لەجیاتی پارانەوە لەسەرۆک و سەلماندنەوەی قودسییەتە لە شکاندن نەهاتووەکەی ، کۆمپانیای وشە دلسۆز بوایە بۆ بروانەبوونەکەی بە سەرۆکایەتی بۆ سەلماندنی ئەمەش دەبوو داوا لە مەسعود بارزانی بکا ئەو بەلێنەی خۆی بەجێبێنێ کە لە سلێمانی لە ژێر فشاری کامپینەکەی مندا ، تەسلیم بوو- و داوای کرد ئەو ماددەیەی دەستوور کە دەسەڵاتی دیکتاتۆری بەرفراون بە سەرۆک دەدا ، هەر هەمووی هەڵگیرێ ، ئەو راگەیاندنەی مەسعود بارزانی بە دەنگ و رەنگ و راپۆرت هەیە ، بۆ لیستی گۆران کاری لەسەر ناکات ؟ نا ، لە جیاتی ئەمە ماستاوکردن بۆ سەرۆک و سازشکردن بۆ پارتی و

نزیکبوونەوەی هەلپەرستانەی بێ بناغەو پاکانە لە ناوەوەو دەرەوە بەردەوامە وەک هەموو هیوای گۆڕانی میللەت ئەوە بێ کە کۆمپانیای وشە جێگای مەکتەبی سیاسی یەکێتی ئێستا بگرێتەوە لە ' پێوەندی ستراتیجی، لەگەڵ پارتیدا ، واتە لە خزمەتی بنەماڵەداو کردنی بە عەزیا لەم میللەتە .

دوای شەش ساڵ پروپاگاندەی بۆشی رێفۆم لە ناو یەکێتییدا ، ئێستا بانگاشەی بۆشی ریفۆرمخوازیی نێچیروان دەکەن لە ناو پارتیدا .

3. بۆ ماوەی بەلای کەمەوە شەش ساڵی رەبەق ئەفسانەی گۆڕان و ریفۆرمتان لە ناو یەکێتیدا بە بێ بناغەو ئەنجام پەرەپێدا ، ئێستاش ئەوە بە هیممەتی کۆمپانیای وشەو تەئسیری گەورەی ئێوە لە سەر ( هاولاتی و لڤین ) ئەو ئەفسانە بێزهێنەرەوە دروست دەکەن و میللەتی هەژاری پێهەڵدەخەڵێتنن کە ئەمجار نێچیروان بارزانی دەبێتە پالەوانی ریفۆرم لەناو پارتیدا و هەلبەتا ئاخری ئەو دوو باڵە گرنگەی ریفۆرم یەکدەگرن و حوکمێکی مۆدیرن و بەهەشت بۆ میللەت دروست دەکەن . واتە ریفۆرم لەناو پارتیدا تەنیا لە ناو بنەمالەوە دێ بەلام لە ناو یەکێتیدا ناکرێ لە رێگای تازە بنەمالەوە بۆ نموونە لە رێگای هێرۆ خانە- وە ریفۆرم بکرێ لە کاتێکدا گەر بەراوردی ئەم دوانە بکەین دەبینین هەموو تاوانەکانی گەندەڵی و شاردنەوەی بوجەو یەکنەگرتنەوەی وەزارەتەکان و هێزی ئاسایش و پێشمەرگەو بەردەوامی حوکمی میلیشیاو گەندەڵی کۆنتراکتەکانی نەوت و کوشتن و سووتاندنی هەزاران ژن و قۆرخکرنی هەموو دەرفەتەکانی کارو ژیان لەلایەن حیزبەوەو و تەسلیمکردنی ئابووری و بازاری کوردستان بە تورکیاو دارمانی ئابووری و ناوخۆو کوشتنی وزەو هیواو ئاوارەکردنی گەنجان و رووخانیی ئاستی پەروەرەدەیی و زانستی زانکۆکان و هەللوشینی پارەو ملکومالێ میللەت لە لایەن حیزبە بنەماڵەییەکانەوەو بە دەیان دەردو بەلای تر لە سەردەمی زێرینی کابینەی کاک نێچیرواندا و بە سیاسەتی ئەو لەژێر سایەی راستەوخۆی ئەودا ئەنجامدران و ئێستاش ئەو لە دەرەوەی حوکمیش دەسەلات و هێزی زۆر لە سەرۆک وەزیرانەکەی ئێستای یەکێتی زیاترە . پێم سەیرە لە کاتێکدا بەرێزتان ئەوەندە توندو رەق بوون

دەربارەی هیچ جۆرە هاوکاری و لێک گەیشتنێک لەگەل دکتۆر بەرهەم [ کە لە لەندەن لەگەڵ کاک حەمە تۆفیق باسم کرد ) و بەتایبەتی لەگەڵ کاک کۆسرەت [ کاتێ لە سەردانی سێیەممدا لەگەڵم باسکردی ] ، تەنانەت بە مەرجی قبوڵکردنی ئەجندای گۆرانیش بە و بیانووەی کە ئەوان گەندەڵن ، کەچی ئێستا ئێوە نەک هەر بنەمالە بەگەندەڵ نازانن و وشەیەک دەربارەی سەرۆکی تەزویرو سەرۆک وەزیرانی پێشوو نالێن و لە مەسەلەی فەزیعەتی ئاشتیی هەورامی و نێچیروان بارزانیدا لە پەرلەمان دەورێکی زۆر هەزیلتان هەبوو .

وا دەردەکەوێ بتانەوێ بۆ پەرەپێدانی بەرژەوەندی سەرکردایەتی تەقلیدی خۆتان ، بزوتنەوەی گۆران بە ئاقاری موساوەمەو خزمەتی بنەمالەی بارزانیدا بەرن .

بەلکو لە راگەیاندنەکانی بەرێزتان و کاک حەمە تۆفیق و کاک شۆڕش حاجی و نووسینەکانی رۆژنامەو زۆر هێمای تر ، وا دەردەکەوێ بتانەوێ بۆ پەرەپێدانی بەرژەوەندی سەرکردایەتی تەقلیدی خۆتان ، بزوتنەوەی گۆران بە ئاقاری موساوەمەو خزمەتی بنەمالەی بارزانیدا بەرن . دیارە هەلوێستی زۆر سەلبی کۆمپانیای وشە بەرامبەر من لە کاتی هەلبژاردن و بەتایبەتی دوای هەلبژاردن ، بەشێکە لەم ستراتیجییە . بەلام من حەز ناکەم مەسەلەی شەخسی ، کە لای من گرنگی نییە ، لەگەل مەبەستە دەستووری و دیمۆکراتی و نەتەوەییەکان تێکەڵ بکەم .

گۆڕان بزوتنەوەیەکی ئایندەییەو رزگارکردنی جەماوەری گەلەکەمان لە سیستمی دزیی داگیرکاریی بەربەریی بنەمالەیی ژنکوژ چار نییە دەبێ ئەجنداو ئامانجی سەرەکی و جەوهەری بزوتنەوەی گۆڕان بێ .

8 . گۆڕان و وتاری یاسایی تاوان : گۆڕان بزوتنەوەیەکی ئایندەییەو رزگارکردنی جەماوەری گەلەکەمان لە سیستمی دزیی داگیرکاریی بەربەریی بنەمالەیی ژنکوژ چار نییە دەبێ ئەجنداو ئامانجی سەرەکی و جەوهەری بزوتنەوەی گۆڕان بێ . بۆ ئەمەش ناتوانرێ چاو لە رابردوو بپۆشرێ و هەرچ

تاوانێکی کۆن یان تازە بکرێ دوای 24 سەعات لە بیر بچێتەوە. دەورێکی گەورەی گۆڕان ئەوەیە بیرەوەری بەکۆمەلیی میللەت بێ و پارێزەری ژیان و کەرامەت و مافەکانی رابردوو- و ئێستای بێ . بە رای من ترس و حەزەر دەربارەی رابردووی خۆت و ئەگەری سەرهەڵدانی تاوانبارکردنی تۆ یان هاوەلەکانت بە تایبەتی بە کارەساتەکانی کاتی شەڕی ناوخۆیی لەگەڵ پارتی یان ئەنفال نابێ ببێتە هۆی موساوەمە لەگەڵ پارتی یان بنەماڵەکان چونکە ئەمە مەسەلەی تاکەکەسان نییە بەلکو مەسەلەی عەدالەت و حوکمی یاساو پاککردنەوەی رابردوو- و راستکردنەوەی مێژوو- وبەرپردی ویژدانیی ئێمە بەرامبەر هەزاران شەهیدو قوربانی غەدر لێکراو . بۆیە ئەگەر بەرێزتان نەتوانن باسی کارەساتی وەک سیویەکی ئاب و تاوانەکانی تری شەری براکوژی و تاوانەکانی دزی و تالانی ماڵی میللەت بکەن ، لە هەمان کاتدا نابێ هەوڵبدەن بیانشارنەوە یان سەربەسەرییان پێبکەن وەک زۆر جار لە هەلوێست و بەرپەرچدانەوەکانی کۆمپانیای وشەدا دەردەکەوێ ( بۆ نمونە لە بەرپەرچدانەوەی هەولی گرتنی بەرێز کاک سەرکەوتی کوببەدا کە بوە هۆی دەرکردنی بەیاننامەیەکی بەهێز لەلایەن لیستی گۆرانەوە بەلام بۆ دەرکردنی 1600 کەس لە بەر بارزانی پارانەوە ، یان بەرامبەر تەزویرکردنی ئیرادەی میللەتێک لە هەلبژاردن سەرۆکایەتیدا رێگەتان بە من نەدا دوو دەقیقە کەی ، ئێن. ئێن بەکار بێنم تا داوا لە جەماوەر بکەم خۆپیشاندان بکا ، یان تاوانبارکردنی تۆ لە لایەن پارتی یەوە بە ئەندازیاری شەڕی براکوژی کە بووە هۆی بلاوکردنەوەی زنجیرەی ' خەون یان مۆتەکە ، کە دەبوو رانەگیرابایە ، یان ئەو راگەیاندنە بۆ هاولاتی کە کۆمپانیای وشە ئەوەندەی بەلگەی گەندەڵی بەرپرسان هەیە کە بلاوبکرێنەوە حکومەت دەڕوخێ ، یان راگەیاندنی تۆ لە چاوپێکەوتنی کەی . ئێن. ئێن دا کە گەندەڵی کەسان نین و سیستمەو برادەرانی ئێوەش کەم یان زۆر کەسانی گەندەڵی تێدان ... هتد) . مەسەلەی تاوانی کوشتن و برین و خیانەت دژی گەل و گەندەڵی و تالانکردن و دزینی بودجەو مڵکومالی میللەت تاوانن بە مانای سیاسی و ئەخلاقیی و یاسایی

وشەی تاوان . بۆیە تەنیا وتاری یاسایی دەبێ بۆ پێناسەکردن و وەسفکردن و چارەسەری ئەو تاوانانە بخرێتە کار.

ئەوەی لە کوردستاندا بزرەو بوونی نییە تا ئێستا وتاری یاسایی و دەوری یاسادانان و یاساو حوکمی یاسایە لە چارەسەری تاوانەکانی رابردوو – و ئێستاشدا بە تاوانی بەردەوامی ئەنفالکردنی ژنانی کوردستانەوە .

ئەوەی لە کوردستاندا بزرەو بوونی نییە تا ئێستا وتاری یاسایی ودەوری یاسادانان و یاساو حوکمی یاسایە لە چارەسەری تاوانەکانی رابردوو – و ئێستاشدا بە تاوانی بەردەوامی ئەنفالکردنی ژنانی کوردستانەوە. بەداخەوە تەنانەت سەرەتایەکی لاوازی دەرکەوتنی وتاری یاسایی لای لیستی گۆڕانیش نییە . من لە بەرنامەی کامپینی سەرکردایەتیمدا پێشنیازی دوو یاسام کردبوو ، یەکەم بۆ چارەسەری تاوانەکان دەرهەق بە مرۆڤی کورد لە لایەن دەسەلاتی عێراقی یان کوردییەوە لە 1961 ەوە تا ئێستا، و دووەم بۆ چارەسەرکردنی یاسایی تاوانەکانی دزی و داگیرکارییەکانی مالی دەولەت و میللەت و بوجەو سامان ، لە لایەن کاربەدەستانی حیزبییەوە لە 1992 – وەوە تا ئێستا . تەنیا ئەو کاتەی کە بە ئیرادەی ئازادی میللەت یاسای پێویست بۆ جارەسەری تاوانەکان دەردەچێ و تاوانباران دەدرێنە داداگاو قوربانییەکان قەرەبروو دەکرێنەوە و مال و سامان و پارەی گەل بۆ گەل دەگێردرێتەوە ، ئەوسا دەتوانین بە ویژدانی ئارامەوە ئەو پرسانە حەوالەی مێژوو بکەین نەک بۆ بێدەنگ بوون بەرامبەریان بەلکو بۆ تۆمارکردنیان وەک بەشێک لە بیرەوەری بە کۆمەڵی زیندووی گەلەکەمان و گوازتنەوەی بۆ نەوەکانی دادێ بۆ پەندو لێفێربوون هەتا هەتایە.

پەرلەمان دەسەلاتی شەشەمە

9 . پەرلەمان و ئۆپۆزیسیۆن : لە ناو ئەو سیستمە بنەماڵەییە بەربەرییەدا کە هێمام بۆ کرد ، پەرلەمان تەنیا دەسەلاتی شەشەمە لە دوای دەسەلاتی رەهای

دوو سەرۆک حیزبەکان ، دەسەلاتی بێسنووریی بنەماڵەکانیان ، دەسەلاتی دەزگای پاراستن و زانیاری و میلیشیا تایبەتییەکانیان ، دەسەڵاتی مەکتەبی سیاسییەکان ، ئەوسا حکومەت ، کە لە سەرووی پەرلەماناوەیە ، ئەوسا پەرلەمان بەو سەرۆکایەتییەو بەڕێوەبردن و کارکردنە جوانەی . بۆیە تا ئێستا ئەو دەزگا ساختەیە لە گەمەیەکی گاڵتەکردن بەچەمک و پرۆسەی پەرلەمانیی و دیمۆکراسییەت زیاتر نییە . لە کاتێکدا پارتی زیرەکانە بۆ خۆشکردنی ئەو گەمەیە دوو ژنی یەکێتی تێک بەرداوە ( لە کاتێکدا دەیان ژن ڕۆژانە بەرەورووی توندوتیژی وکوشتن دەبنەوەو خانمان کوێستان و سۆزان بێباکن بەرامبەریان ) و ئەمارەتی دوبەی خۆی پەرەپێدەدا و قودسییەتی خۆی دەسەلمێنێتەوە ، ئێوەش لە پەرلەمانیشد ا، لە بەر ئەجندای شەخسی تەسک ، جەخت لە سەر قودسییەتی کەمال کەرکوکی [ یان سەرۆکایەتی پەرلەمان چونکە ئێستا باوەرتان بە سەرۆکایەتییەکان هەیە ) دەکەنەوە و داوا لە جەنابیان دەکەن سۆزانی خالە شەهاب- تان بۆ تەمێ بکات ! بەراست لە خەون یان مۆتەکەش دا ڕەچاوم نەدەکرد بزوتنەوەیەک کە گوایە بۆ گۆڕان و مۆدێرن کردن هاتبێتە کایەوە کاری پەرلەمانی بۆ ئەم ئاستە گوناحە دابەزێنێ .

بەبێ ئازادی و بوونی کاتی تەواو بۆ دیبات و ئازادی پرسیارلێکردن و پرسینەوە لە 'سەرۆکی هەرێم' و سەرۆکی وەزیران و وەزیران و فەرمانبەران و حیزبە سیاسییەکان و بنەماڵەکان، هتد کاری پەرلەمانی لە گەمەیەکی چەواشەکاری بەولاوە نییە

ئەمە زیاتر لە مەسەلەی گوایە لێپێچینەوەی ئاشتی هەورامی دا ، بە تەواوی دەرکەوت. پەرلەمان خۆی یانی ئاخاوتن ، قسەکردن ، بۆیە شەری قسە [ دیبات ] ڕۆح و ناوەرۆک و میتۆدو میکانیزمی کاری پەرلەمانییە . بەبێ ئازادی و بوونی کاتی تەواو بۆ دیبات و ئازادی پرسیارلێکردن و پرسینەوە لە ' سەرۆکی هەرێم ' و سەرۆکی وەزیران و وەزیران و فەرمانبەران و حیزبە سیاسییەکان و بنەماڵەکان ... هتد . کاری پەرلەمانی لە گەمەیەکی چەواشەکاری بەولاوە نییە . بەداخەوە ئێستا لەوە دەچێ لە جیاتی لێپرسینەوە لە سەرۆکی هەرێم و

کارەکانی و سەفەرەکانی و پێوەندییەکانی و تەزویرەکانی و رابردووەکانی و مووچەو پارەو سامانەکانی ... هتد . ئێستا ئەوتان کردبێتە حەکەم لە کارەکاندا و چاولە دەستی هیممەنەت و مەرحەمەتی ئەو بن . کاتێ لە دیباتی فەزیعەتە ئاشکراکەی ئاشتی هەورامی – دا سەرۆکایەتی پەرلەمان رازی نەبوو لە مافی پرسینی سێ پرسیار زیاتر بدا بەلیستی گۆڕان دەبوو بەشدارییان نەکردایەو پەرلەمانیان جێهێشتایە . ئەمە مەسەلەیەکە دیباتی سێ ڕۆژیی هەلدەگرێ نەک سێ سەعاتی . ئەمە پەرلەمان نییە کە مافت ناداتێ لە سێ پرسیار زیاتر بکەی ئەمە باخچەی ساوایانە . کاریگەری هەر کارێک بە ئەنجام و دەسکەوتەکانی دەپێورێ نەک چەواشەکاری میدیایی وەک لە هەرێمدا بۆتە عادەت . کوا ئەنجامی فەزیعەتەکەی ئاشتی هەورامی چی بوو . کەمترین شت دەبوو لیژنەیەکی پسپۆڕی ناوەوەو دەرەوە بۆ بەدواداچوون دروست کراباو بۆ ساغکردنەوەی ئەو پرسە خەتەرناکەو تەواوی کێشەی نەوت و گرێبەستەکان و پرۆسەی فرۆشتنی نەوتی کوردستان و پێوەندی بە بەغداو کۆمپانیاکانەوە خشتەیەکی زەمەنی بۆ کارەکانی ئەو لیژنەیە دانرابایە .

دەبوو لیستی گۆران هەر بەر لە دەستبەکارکردنی پەرلەمان بە هاوکاری لیستەکانی تر بە تایبەتی یەکگرتوو – وکۆمەلی ئیسلامی ، پرۆژەی یاسای گۆڕینی پەیرەوی ناوخۆی پرۆسەی کاری پەرلەمانیان پێشنیاز کردبایەو سووربووونایە لە سەری .

بۆیە هەق وابوو براو خوشکانی خۆشەویست و بەرێزی لیستی گۆران هەر بەر لە دەستبەکارکردنی پەرلەمان بە هاوکاری لیستەکانی تر بە تایبەتی یەکگرتوو – وکۆمەلی ئیسلامی ، پرۆژەی یاسای گۆڕینی پەیرەوی ناوخۆی پرۆسەی کاری پەرلەمانیان پێشنیاز کردبایەو سووربوونایە لە سەری وەک یەکەم پرۆژەی یاسایی کە دەبێ بریار بدرێ و دەوری و مافی ئۆمپۆزیسیۆن بە گشتی و تاکتاکی ئەندامانی پەرلەمان و پرۆسەی دیبات و ستانداردەکانی و بەرێوەبردنی و مافی بەرپەرچدانەوە بە یاساو کاتی وەک یەک بۆ وتار دان و دەربرینی سیاسەتی جیاوازی بلۆکە پەرلەمانییەکان و بەتەلەفزیۆن نیشاندانی

راستەوخۆی دیباتەکان ... هتد . بە وردی بەیاسا دیاریی بکرێن . بەبێ دەرچوونی یاسایەکی لەم چەشنە پەرلەمان هەر باخچەی ساوایان دەمێنێتەوەو لەو پرسانەدا کە دەسەلات بەرژەوەندی سەرەکی هەیە ، وەک یاسای هەلبژرادنی عێراق ، مەودا و کاتی گەمەکە کەمێ بەرفراوان دەکاتەوە لە مەسەلەکانی میللەتیشدا دەبێ منالەکان بە عاقڵی دابنیشن و ئەو پرسیارانە نەکەن کە گەورەکان بە تایبەتی ' سەرۆکی ساختەی هەرێم' برەنجێنن بەلکو دەبێ وەک حەکەم و بابەگەورە سەیریان بکەن . ئەمە زۆر دوورە تەنانەت لە سەرەتا سادەکانی کاری پەرلەمانییەوە. بۆ مەسەلەیەکی ئێنسانی و خەتەرناکی گەورەی وەک بەردەوامی ئەنفالکردنی ئافرەت لە ژێر دەسەلاتی سیستمی بنەمالەیی بەربەری لە کوردستاندا لە جیاتی سووربوون لە سەر دیباتکردنی چەند رۆژەی ئەو کارەساتەو چوونە ناو وردو درشتی هۆکارەکانی ، بەداخەوە فراکسیۆنی گۆران وەک حیزبێک یان رێکخراوێکی مەدەنی بچووک بێ ، بەیانێک دەردەکا!

10. زانست و زانیاری . لایەکی تری کاری پەرلەمانی زانستە: واتە زانین و شارەزایی و تەنانەت پسپۆری هەم لە کارو پرۆسەی پەرلەمانی خۆیدا و لەو بابەتە گرنگانەی باس دەکرێن و دەبێ دیبات بکرێن . ئەندامێکی پەرلەمان دەتوانێ چی دەربارەی فەزیعەتەکەی ئاشتی هەورامی بڵێ کە نەزانی دی ، ئێن. ئۆ – ی نەرویجی و جێنێل ئینێرجی تورکی و هێریتیجی بەریتانی و کۆمپانیکانی تر چین و کێن و چۆن هاتوونە کوردستان و کێ گرێبەستی لەگەڵ ئیمزاکردوون و بە چ مەرجێک و ئەو ئیمکانیاتی توێژینەوە و باسکاریی و بەدەستهێنانی زانیاری لە لانەبێ چ وەک توانای خۆی وەک زانینی زمان و خوێندنەوەو بەدواداچوون چ وەک پاڵپشتی دەزگایەکی لیکۆڵینەوەو میدیای پێشکەوتوو . بە داخەوە ئەمەش لە کاری پەرلەمانی کوردیدا بەدیناکرێ . یان چ دەتوانی دەربارەی کێشەی تراژیدیای بەردەوامی توندوتیژی دژی ژنان بڵێی گەر داتاو زانیاری کەیسەکانت لا نەبێو دەوری پۆلیس و خەستەخانەو دەسەلات و کۆمەل ئاشکرا نەبێ . کۆمەڵگەی کوردستان لەو هەژدە سالەی دەسەڵاتی

کوردیدا ئەوەندە جەنگەڵیی کراوە کە تەنانەت ناوو وێنەی ژنە کوژراوو سوتاوەکانیش ئاشکرا ناکرێن .

راستی کۆمەلگای کوردی بەتەواوی کۆمەلگایەکی حیزبیی ساختەکاری سەقەتە . کۆمەڵگای مۆدێرن لە سەر سێ بنچینەی لێکدانەبراو دامەزراوە : دیمۆکراسی ، یاسا و زانست ، ئەوەی رۆح و میکانیزمی پێشکەوتنی کۆمەل و ژیانە زانستە . بەبێ زانست نە دیمۆکراسی . نە یاسا ناتوانن کارا بن . لای ئێمە نە دیمۆکراسی ، نە یاسا ، نە زانست دەوریان هەیە . نە ئیرادەیەکی سیاسی یان نەخشەی ستراتیژی پێشکەوتن و گەشەسەندن هەیە کە ئەو سیانە وەک سیستمی سیاسی مۆدێرن پێکەوە کۆ بکاتەوە .

بۆیە بوونی یاسایەک بۆ رێکخستنی پەرلەمان خۆی و کارەکانی و ئەرک و مافی پەرلەمانتاران زۆر پێویستە .

## دروستکردنی بینایەیەکی نەتەوەیی نوێی گەورەی مۆدێرن بۆ پەرلەمان

گرنگە ئەم یاسایە پرۆژەی دروستکردنی بینایەیەکی نەتەوەیی نوێی گەورەی مۆدێرن بۆ پەرلەمان بگرێتەوە کە بەشی تایبەتی توێژینەوەو باسکاریی و بەکارهێنانی داتای کۆمپیوتەری ئینتەرنێت و کتێبخانەو ئۆفیس و ژووری لیژنەکان و هۆلی کۆبوونەوەی تایبەتی بۆ ئەندامانی پەرلەمان و بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و خەلکیش تێدا بێ و لەبەر دەمی بینایەکەش مەیدانی تایبەتی بۆ مۆنیومێنت و نیشاندانی کاری هونەری و ئاهەنگی کراوەو کۆبوونەوەی جەماوەری و خۆپیشاندان هەبێ و سێ دەورەکەشی باخ بێ .

بینایەی پەرلەمان دەبێ جوانترین و گرنگترین بینایەی نەتەوەیی کوردستان بێ . لە رووی ئارکیتێکچەرییشەوە دیزاینێکی مۆدێرن و جوانو سەرنجراکێش بێ کە ئەرکیتێکچەر و سروشتی کوردستان و کەلتووری کوردیش رەنگی تێدا بداتەوە . هەروا پەرلەمانتاران پێویستە دەرمالەی ( مەنحە) یەکی تایبەتییان بۆ توێژینەوە بەکارهێنانی باسکاران و راوێژکاران و بەدواداچوون هەبێ و

مەرج بۆ سەرفکردن و بەکارهێنانی ئەو دەرماڵە دابنرێ ... هتد . بەبێ ریفۆرمی کارو پرۆسەی پەرلەمان خۆی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی و شارەزایی پەرلەمانتاران و زیادکردنی دەسەلاتیان بە تایبەتی لە رووی بەدەستهێنانی زانیاریی وکاتی تەواو بۆ دیبات و ماف و پرۆسەی یاسادانانەوە ، پەرلەمان ناتوانێ ببێتە دەزگایەکی نەتەوەیی کاریگەر. بۆیە لەگەڵ پرۆژە یاسای ریفۆرمی پرۆسەی پەرلەمانیدا ، پێشکەشکردنی پرۆژەی یاسایەک بۆ ئازادیی زانیاریی یەکجار گرنگ و پێویستە . ئەم یاسایە بوو کە فەزیعەتی ئاشتی هەورامی و دی . ئێن. ئۆی لە نەرویج ئاشکرا کرد . ئەم یاسایە زۆر بە کاریگەریی لە بەریتانیاش هەیەو و دەکرێ لە مۆدێلی نەرویج و بەریتانیا بۆ کوردستانیش کەڵک وەربگیرێ .

گەر گۆڕان ئۆپۆزیسیۆن نەبێ بەرامبەر پارتی ئیدی دەمێنێتەوە سەر ئەوەی تەنیا ئۆپۆزیسیۆن بێ بەرامبەر یەکێتی یان بالەکانی یەکێتی بە بێ ئەوەی لە شتی شەخسی بەولاوە ، ئامانجەکانی ئەو ئۆپۆزیسیۆنبوونە روون بێ .

11. کاری ئۆپۆزیسیۆنیی : تا ئێستا لام روون نییە کاری ئۆپۆزیسیۆنی لیستی گۆڕان چییەو ئۆپۆزیسیۆنە بەرامبەر کێ . گەر گۆڕان ئۆپۆزیسیۆن نەبێ بەرامبەر پارتی ئیدی دەمێنێتەوە سەر ئەوەی تەنیا ئۆپۆزیسیۆن بێ بەرامبەر یەکێتی یان بالەکانی یەکێتی بەبێ ئەوەی لە شتی شەخسی بەولاوە ، ئامانجەکانی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە روون بێ چونکە ئێستا باسی دەستوورو رێکەوتنی ستراتیجی پارتی و یەکێتی و بوجەو جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەتیش ... هتد . ناکەن . بەرێزت لە چاوپێکەوتنێکتدا ئاماژەت بەوە کرد کە خەڵک بۆیە ئێوەی هەلبژاردوە تا ببنە ئۆپۆزیسیۆن نەک بەشداری حکومەت بکەن . دوای تۆش کاک شۆڕش حاجی – ش هەمان قسەی دووبارە کردووە .

مەسەلەی گرنگی وەک بەشداری یان بەشدارینەکردنی حکومەت دەبوو وا بە ئاسانی بریار نەدرایە ، بەشداریکردن لە حکومەتی دکتۆر بەرهەم دا هەنگاوێکی گەورە دەبوو بۆ پێشەوە . گەر گۆڕان تەنیا وەزارەتی پەروەردەشی

وەرگرتباو بیتوانیایە ریفۆرمی جددی لە پەروەردەدا بکا ، سەرکەوتنێکی گەرە دەبوو .

بەرای من مەسەلەی گرنگی وەک بەشداری یان بەشدارینەکردنی حکومەت دەبوو وا بە ئاسانی بریار نەدرایە . من نازانم هەموو نوێنەرانی گۆران بەشدار بوون لەو بریارەدا و چۆن و چ میکانیزمێک تا ئێستا بۆ دیبات و ئاخاوتن و پرۆسەی دیمۆکراتی رادەربرین و دەنگدان لە سەر ئەو بابەتانە هەیە؟ . کە ئەگەر هەبێ پێویستە خەڵک بیبینێ و هەستی پێبکاو بەشدار بێ تێیدا، واتە دەکرێ هەموو ئاخاوتنەکان لە رێگای تەلەفزیۆنەوە بلاو بکرێنەوە.

ئەوە تەواو دروست نییە کە خەلک ئێوەی بۆ ئەوە هەلبژاردووە ببن بە ئۆپۆزیسیۆن، خەلك بۆ ئەوە پشتگیری گۆڕانی کردووە تا گۆڕان بکات لە سیستمداو ئامانجەکان و بەلینەکانی بێنێتە دی.

بەلام بەلای منەوە ئەوە تەواو دروست نییە کە خەلک ئێوەی بۆ ئەوە هەلبژاردووە ببن بە ئۆپۆزیسیۆن ، خەلك بۆ ئەوە پشتگیری گۆڕانی کردووە تا گۆڕان بکات لە سیستمداو ئامانجەکان و بەلینەکانی بێنێتە دی . گەر ئەمە لە رێگای بەشداری لە حکومەتدا کرا بایە ، رێگاکەی کورتتر دەکردەوەوە کاریگەر تر دەبوو . هەروەها من دژی ئەوەش نیم هاوکاری لەگەڵ کاک نێچیروان یان پارتیش بە گشتی بکرێ بەلام شێوازو چۆنێتیەکەی دەبێ جیاواز بێ لەوەی پێی دەوترێ رێکەوتنی ستراتیجی پارتی و یەکێتی ، واتە روونبینی تێدابێ و بۆ خەڵک بلاوبکرێتەوە لە سەر چ بنەمایەکی دەستوری و یاسایی و دیمۆکراتی و بۆ بەجێهێنانی چ ئامانجێکی ریفۆرم و گۆڕانی دیمۆکراتی و خزمەتی داواکانی گەل رێککەوتوون . دەبێ رێکەوتنەکان بە پرۆسەیەکی روونکار بن و بەنووسین بن و بلاو بکرێنەوە نەک تەنیا دیماگۆگی قسەو بەڵێن . بۆیە بەلای منەوە ئامادەیی دکتۆر بەرهەم و دیارە لە پشت ئەوەوە پارتی و یەکێتیش بۆ بەشداری گۆڕان و حیزبەکانی تر لە حکومەتدا هەنگاوێکی گرنگ بوو ، کە دەبوو یەکسەرو

بەپەلە رەتنەکرابایەوەو گفتوگوی لە سەرکراباو خاڵی هاوبەش لە بەرنامەکانی ئێوەو هاوپەیمانی و چاکسازی بە تایبەتی بۆ ریفۆرم دەستنیشان کرابان و بکرابان بە بەرنامەی هاوبەشی ئەو حکومەتەو بەرنامەی یاسادانان و پیکهێنانی کابینەیەکی زۆر لە ئێستا باشتر . گەر گۆڕان تەنیا وەزارەتی پەروەردەشی وەرگرتباو بیتوانیایە ریفۆرمی جددی لە پەروەردەدا بکا سەرکەوتنێکی گەرە دەبوو . مەبەستم ئەوەیە کە پێوانەی کارەکانی گۆران پێویستە سەرکەوتنی کۆنکریتی بێ لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەل و بەڵێنەکانی و دەسکەوتی کۆنکریتی نەک تەنیا ئۆپۆزیسیۆنی نادیار لە پێناو ئۆپۆزیسیۆندا.

لە هەموو سیستمی دیمۆکراتیدا وایە کەمێتیی پەرلەمانی ، گەر بە رێژەی 48 بەرامبەر 50 ش بێ چانسی سەرکەوتنی لە پرۆسەی پەرلەمانیدا کەمە ، مادام هەموو بریارەکان بە دەنگدانی زۆربەی سادە دەدرێن .

چونکە لە هەموو سیستمی دیمۆکراتیدا وایە کەمێتیی پەرلەمانی ، گەر بە رێژەی 48 بەرامبەر 50 ش بێ چانسی سەرکەوتنی لە پرۆسەی پەرلەمانیدا کەمە مادام هەموو بریارەکان بە دەنگدانی زۆربەی سادە دەدرێن [ دیارە ئەو بریارانە نەبێ کە دوو لە سەر سێی دەنگیان دەوێ ] . بۆیە تا چوار سالی تر گۆران دەرفەت و موناوەرەی کەمی هەیە . بەلام بەشداری لە حکومەتدا ئەو هەستیاریی و مونافەسە شەخسییانەی لادەبردو دەکرا پەرلەمانتارانی لیستی هاوپەیمانیش بۆ پشتگیری هەندێ یاسای باش رابکێشرین یان هاوکاری لەناو پەرلەماندا بە گشتی پۆزەتیڤتر بێ. ئێستاش کە گۆڕان دەوری ئۆپۆزیسیۆنی هەلبژاردووە گرنگە بەرنامەی ئەو ئیپۆزیسیۆنە بە پرۆسەی دیمۆکراتی بریار بدرێ و بە بەشداری لەگەل حیزبەکانی تر بە تایبەتی یەکگرتوو- و کۆمەلگای مەدەنی و رۆژنامەگەری ئازاد بەرەیەکی فروانی ئۆپۆزیسیۆن پێکبهێنرێ و لە کاری حیزبی تەسکی تاکرەوانەو نەخوێدنەوەی خەڵکی تر دووربکەونەوە . دیارە ئەلتەرناتیڤی باشتریش هەبوون و هەن بەلام بە نەبوونی ئامادەیی هاوکاری و کرانەوەو خوێندنەوەی کەسانی تر، ئەمانە فرامۆشکران . ئەگینا

وەک جوگرافیا لە هەموو ناوچەی گەرمیان و سلێمانی و کۆیە ، لیستی گۆڕان و من دەنگی هەرە زۆربەمان بۆ پەرلەمان و سەرکردایەتیش هێنا و ئەوە شەرعییەتی دیمۆکراتی جەماوەری بۆ دۆزینەوەی شێوازێک بۆ کارکردنی هاوبەش بۆ بەڕیوەبردن و پێشخستنی ئەو ناوچانەو ڕزگارکردنیان لەو فرامۆشی و ناعەدالەتییەی تێیدابوون ، فەراهەم کردووە گەر ئیشی لە سەر بکرێ .

برای بەڕێز کاک نەوشیروان

دیارە لە دوای هەلبژاردنەوە هەرچەند زۆریش هەوڵم دا مەجالی هیچ دایەلۆگەلێکتان چ لەگەل بەڕێزت یان برادەرانی کۆمپانیای وشە یان برادەرانی ڕەگ لە دەرەوە نەداوە تەنانەت لە ڕێگەی تەلەفونیشەوە . تەنانەت هەولێکی زۆرمدا لیستی دەرکراوەکانم بدەنێ تا لەلەندەن لە ڕێگەی ئەمنێستی و کۆمەڵێ ڕێکخراوی یاسایی نێونەتەوەیی و ئەندامانی پەرلەمانەوە کاری لە سەر بکەم ، بەلام دوای چەندین بەلێن ئەمەش نەکرا. دیارە منیش دەمتوانی هەمان هەلوێست بەکاربێنم .

قەیناکا ئێمە نانمانبڕاوە ، بەلام هیوابڕان زۆر ناخۆشترە .

بەلام پێش گەڕانەوەم بۆ لەندەن هاولاتییەک تەلەفونی بۆ کردم و وتی :" قەیناکا ئێمە نانمانبڕاوە ، بەلام هیوابڕان زۆر ناخۆشترە. بۆ خاتری خوا ئەمجارەش هیوامان نەبڕن ." منیش ئەم نامە درێژەم ، کە بە ڕاستی نیازی نامەیەکی تەنیا چەند دێڕیم هەبوو ، بۆیە نووسی هەر نەبێ ئەو دایەلۆگ و کرانەوەو بەشداریی و فشارە جەماوەرییە بپارێزن کە ڕێگە نەدا جەماوەر بە تایبەتی گەنجەکانمان و کەسوکاری شەهیدەکانمان بێهیوا بن . ئەو جەماوەرەی دەنگی داوە ، دەنگی بە پاشەڕۆژێکی باشتر بە خۆی و بە منالەکانی داوە نەک بۆ دروستکردنەوەی ستراکتوری حیزبی مەرکەزیی نا دیمۆکراتی دابڕاو لە میللەت و ئازارو ئاواتەکانی. هیوای ئەم نامەیە پاراستنی ئەو هیوایەیە خەلْک بە گۆڕانی دیمۆکراتی هەیەتی : وەک پرۆسەو شیوەی کارکردنی نوێی زانستی ، دەستووری ، دەزگایی ، دیمۆکراتی، جەماوەریی نموونەیی کراوەو

رِوونکار نەک قسەو بەلێنی یەکلایەنی سەر تەلەفزیۆن ورۆژنامە حیزبییەکان.
پەندێکی ئینگلیزی دەلێ : " تۆ ناتوانی مالی خەلْک چاک بکەی کە نەتوانی لە پێشەوە مالی خۆت چاک بکەی ."

بە هیوای بەختەوەری و سەرکەوتنتان

برات

کەمال میراودەلی

سەرۆکی هەلبژێردراوی هەرێمی کوردستان لە ناوچەی گەرمیان و سلێمانی و کۆیە .

وەلامی کاک نەوشیروان

برای بەرێزم کاک د. کەمال

هیوادارم شاد و بەختیار بن

بە سوپاسێکی زۆرەوە نامەکەتانم وەرگرت. بە وردی
خوێندمەوە و ویستم بەم نامەیە ئاگادارتان بکەم کە زۆر
[illegible] چەند
لە تواناماندا نییە هەوڵی جێبەجێکردنی بدەین.
بێگومان ئەو نامە و هەڵسەنگاندنانە بۆ ئێمە بەکەڵک و
بەسوودن. هیوادارم هەمیشە لە چاودێریدا بن و هەر
بەردەوام بۆ چۆنێتییان هەر ئاگادارمان بکەن.

لەگەڵ ڕێزی [illegible]

٢٠٠٩/١٢/٢٢

نەوشیروان مستەفا

برای بەرێزم کاک دکتۆر کەمال

هیوادارم شاد و بەختەوەر بن .

بە سوپاسێکی زۆرەوە نامەکەتانم وەرگرت . بە وردی خوێندمەوە .

ویستم بەم نامەیە ئاگادارتان بکەم کە زۆر بیرو بۆچوون و پێشنیازی باشی تێدایە . دڵنیابە ئەوەندەی لە توانامدا بێت ، هەولی جێبەجێکردنی ئەدەین .

بێگومان ئەو نامەو هەڵسەنگاندنانە بۆ ئێمە پێویست و بە سوودن .

هیوادارم هەمیشە لە چاودێرییدا بن و هەر بیرو بۆچوونێکتان هەبوو ئاگادارمان بکەن .

لەگەڵ رێزی بێئەندازەی ،

نەوشیروان مستەفا

٢٠٠٩/١٢/٢٢

www.rahellpost.com